

# پەپوولە ناسکەکان
# خاوەنی جلوبەگی جوان و قەشەنگ



هەروەك چۆن خانمان گرنگی بە جوانی و ڕێکخستنی خۆیان دەدەن، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەو لایەنانە بن کاتێك ئەوان کاری ئەوانەی لەوەی زیاتر جوانی و بپارێزرێن. لەوانە گرنگی دان بە دیکۆر و کەرەستەکانی ماڵ، یەکێکی دیکەش بریتییە لە گرنگی دان بە جلوبەرگانی خانمانە بچووکەکانی منداڵان، بە تایبەت منداڵی کچ، دەبێ بە جوانترین شێوە جوان و ناسك بێت، بۆ جوانی خانمانی بچووك، دەبێ کچان بە جلێکی جوان و ڕازاوە دەربکەون، بە جۆرێك جێگەی سەرەنجراکێشی و پاك و خاوێنی بن، جگە لەوەش دەبێ ئەو جلە بۆ منداڵان هەڵبژێردرێن مانای منداڵییەتی و ناسکی بدات. بۆیە جلی ڕەنگاوڕەنگ لەم لایەنە پێویستە بۆ منداڵان، یان ئەو جلانەی لە یەك ڕەنگدا نەخشێنراوە بۆ ئەوەی سەرتاپای جلەکە لە ڕەنگێکی تایبەت بێت، وەك ئەو چەند جلەی لە وێنەکاندا دەبینرێن، بەم ڕێگەیە منداڵەکانتان جوانتر و ڕازاوەتر بکەن.

## چی جۆرە ملوانکەیەک هەڵدەبژێری



ئێکسسوارەکان زیاتر خانمان دەڕازێننەوە، بە مەرجێك ئەو ئێکسسوارە لەگەڵ جوانی و سروشتی جەستە و جلوبەرگەکان بگونجێت، تەنانەت دەکرێت بە چەندین شێواز ئێکسسواری وەك ملوانکە دابنرێت، ئەمەش لە ڕێگەی تەنیا بەبێ شتی دیکە لە مل بکرێت، یان لەگەڵ جلوبەرگێك بگونجێت، بۆیە دەبێ جوانی ئێکسسوارەکانی ملوانکە بزانین. جوانی ملوانکە لە شێوە و قەبارەکەیەتی، بۆیە دەبێ ئاگاداری ئەم لایەنە بین لەوەی چ جۆرە ملوانکەیەك هەڵبژێرین بۆ مل، مۆدەیەکی تازەی ملوانکە بریتییە لە ملوانکەی گەورە و زیاتریش لە بەردی سرووشتی یان ئەو کەرەستانەی خۆیان لە بەردی سرووشتی نیشان دەدەن، جگە لەوەی کەرەستەیەکی مۆدە کلاسیکە، بەڵام جوانییەکی گەورەی هەیە بۆ خانمان.



# بووکەکان چۆن خاوەنی جەستەیەکی جوان و ناسک دەبن؟



مۆدەی کراس و بەدللەی بووك دەبێ بەو پەڕی جوانی و سەرەنجراکێشی دەربکەوێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو جوانییە زیاتر جەستەی بووکەکان وەك مۆدەیەکی ئەو کاتە دەربکەوێت، چەندەها شێوازی کراسی بووك هەیە، بەڵام ئەمجارەیان باس لە مۆدەیەك دەکەین کە بە مۆدەی ڕۆژئاوایی بەناوبانگە، لەوێ سەری هەڵداوە، ئەم مۆدەیە بریتییە لە کراسی خانمانی بووك (بێ قۆڵ)، ئەوەی شان و سینگ دەردەخات، تا سەرەوەی سینگ دەبێت و بەبێ ئەوەی تەلی هەبێت بۆ سەر شان، ئەمەش وەك مۆدەیەك بۆ ناسککردن و دەرخستنی شانەکان، بەمەش جوانییەکی سرووشتی پێستی خانمان لەو مۆدەیە دەردەکەوێت، بە لایەنێك لەگەڵ جەستەی سەرەوەی و، هەروەها لە خوارەوەش لەگەڵ ڕەنگ و سپییەتی کراسەکە.



# رەنگا و رەنگ لە داهێنانی نوێی ماکیاژ





دانانی ماکیاژ بۆ خانمان و بە تایبەت خانمانی بووك، بە جۆرێك دەكرێت جوانترین شێوازی بۆ بەكاربهێنرێت و ئەمەش لە رێگەی دانان و رێكخستنی رەنگەكان، بە مەرجێك لەگەڵ جوانی و سروشتی ئەو كەسە بگونجێت كە كاری ماكیاژەكەی بۆ دەكرێت. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بكەم، دانان و هەماهەنگییە نێوان رەنگەكانی ماكیاژی خانمان و خانمانی بووك.

تەنانەت ئەگەر لە هەندێك حاڵەتدا رەنگەكان جیاوازیان هەبێت، كەچی شێوەیەكی جوان و سەرنجڕاكێش دەردەكەن. بۆ نموونە دەكرێت رەنگی پشت چاوەكان رەش بێت و كەچی رەنگی لێو لە رەنگێكی پەمەیی تۆخ بێت. ئەمە جگە لە جیاوازی رەنگەكان، بەڵام جوانییەكی بەرچاوی خۆی دەبێت. لەلایەكی دیكەشدا دەكرێت رەنگی پشت چاوەكان سەوز بێت و رەنگێكی تۆخیش بۆ لێوەكان دابنرێت وەك رەنگی (سوور)، بۆیە بۆ گشت خانمان دەبێ بزانن مەرج نییە گشت رەنگەكان لە یەكتر نزیك بن، ئەمەش دەبێتە داهێنانێكی نوێ لە ماكیاژ لەوەی لە ماكیاژی كلاسیك و پێشوو جیاوازتر بێت.

**ئامادەكردنی: سالۆن مریام–خاتوو مەرام**









# هیندییەکان و (گا) سەر شێتەکان گاڵتەجاری بەم زۆرانبازییە دەکەن

نمایشـــی گا سەرشـــێتەکان، یـــان یاری زۆرانبـــازی گاکان زیاتر گرنگی پێدەدرێت لە وڵاتانی ئیسپانیا و پورتەگال، بە جۆرێك دەتوانن یارییەکە ئەوەندە بە تام و چێژ بکەن جێگەی خۆشـــی جەماوەر بێت، کەچی ئەو یاریـــە زیاتر خۆشـــتر و رازاوەتر بووە، کاتێك لەلایەن هیندییەکان لاســـایی ئەو یارییەکان کردۆتەوە بەشێوەی گاڵتەپێکردن ئەمەش لە رێگەی بەردانی گایەکی سەر شێت. ئەوەی جێگەی ســـەیر بێت لە کاتی یارییەکەی گا سەر شێتەکان لای هیندییەکان، بووە جێگەی نمایشی ســـەیر و چەندین جووڵەی جێگەی پێکەنین، تەنانەت شتی وا دەکرا لە مێژووی ئیسپانیا و پورتەگال نەکراوە. وەك لە وێنەکاندا دەبینن جێگەی پێکەنین و خۆشی.

## نمایش




## ئەو دزەی لە بەندیخانە جێگای نەبۆوە



کریستۆڤەر لیستەر، یەکێکە لە درێژترین گەنجانی وڵاتی بەریتانیا، کاتێك درێژی ئەو گەنجە ئاشکرا لە کاتی دزینی شت و مەك لە ماڵێك، دوای ئەوەی بەســـەر دیواری ماڵەکەدا باز دەدات، بۆیە ئاشکرا دەبێت و هەواڵی لێدەدرێت لەلایەن پۆلیس دەســـتگیر دەکرێت. ئەوەی ســـەیر بێت درێژی دەگاتە نزیکـــەی زیاتر لە (٢) مەترە.

وەکو لە وێنەکەدا دەبینن ئەو ئافرەتەی لەگەڵیەتی لەسەر کورســـییەك وەستاوە و ئینجا گەیشـــتۆتە درێژی باڵای ئەو گەنجـــە. کاتێـــك دەخرێتـــە بەندینخانە جێگەی نابێتەوە، بۆیە لە هۆڵێکی گەورە دادەنرێت بۆ ئەوەی بەند بکرێت.

# بۆ جوانکردنی ددانەکان تاخمی زێڕ دادەنرێت





مۆدەیەکی سەیر و جوان دەرکەوتووە، بە جۆرێك تەنیا بۆ پیاوان دەبێت و ڕێژەیەکی کەم لە ئافرەتان بەکاردەهێنن، ئەمەش وەك هێمایەك بۆ خۆشی و سەرەنجراکێشبوون، ئەم مۆدەیەش بریتییە لە دانانی ددان بۆ دەم، ئەوەی سەیر بێت ددانەکانی خۆیان لادەدەن و ئەم ددانە تاخمە دادەنێن. ئەم مۆدەیە لە سەرتاپای وڵاتانی ئەمەریکا دەرکەوتووە و لەلایەن پیاوان دادەنرێن. مۆدەکەش بریتییە لە دانانی تاخمە ددانی زێڕ، ددانەکانیش بەمەش دەبێتە یەکەم جۆرە ددانی لەم جۆرە، تەنیا لە پێشەوەی ددانەکان دادەنرێن و، ئەمەش دەبێتە سەیرترین مۆدەی ددان.

## تەپڵ لێدان و هێلکە فرۆشی



ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەو کەسانەی خاوەن بەهرەیەکی سەیر و بە توانایە، وەکو لە وێنەکەدا دەبینن شێوەیەکی تایبەت و جوانی هەیە، بە هێلکە فرۆشی تایبەت و سەیر ناسراوە.

لە وڵاتی نویزیلەندا دەژییێت و کاتێك دێتە دەرەوە بۆ فرۆشتنی هێلکەکانی، ڕێژەیەکی زیاتر لەوەی باوەڕی پێدەکرێت هێلکەی لەسەر سەری خۆی داناوە. ئەوەی جێگەی سەیر بێت دانانی ئەو هێلکانەیە بە شێوەیەك ناکەوێت و جووڵە دەکات، هەر یەکە شوێنی خۆی بۆ دانراوە وەك سەبەتەیەك وایە، لەگەڵ ئەو هەموو شتەی لەسەری، بە تەپڵێك گۆرانی دەڵێت و بۆ ئەوەی خەڵکی لێوەی کۆ ببێتەوە و شتەکانی بفرۆشێت، بێ ئەوەی یەك هێلکەی لێ بشکێت.






## ...ی سەیر



ئەوانەی خاوەن بەهرە و جەستەی بەهێزن دەتوانن چەندین کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام بدەن، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەوانەی خاوەن بەهرەیەکی جەستەیە و شێوازێکی سەیری لە خۆ دەگرێت لەوەی چەند، نمایشی تایبەت ئەنجام دەدات.

پیاوێکی سوری بە ناوی (تاریق هنیدی)ی تەمەنی ٣٦ساڵە، بە پاڵەوانی عەرەب ناسراوە لەوەی کاری لەم شێوەیە دەکات، لە نمایشێکی تایبەت توانی ٣ نمایشی سەیر ئەنجام بدات، نمایشەکانیش بریتی بوو لە: پاڵدانی ئوتومبێلێك – هەڵگرتنی ١٦ گیسەی چمەنتۆ، هەروەها بەسەر تێپەڕبوونی ئوتۆمبێلێك بەسەر زگی. بەمەش دەبێتە یەکەم کەس لە ناو عەرەب بەم شێوەیە نمایش ئەنجام بدات.



# بچوکترین لەشجوانی جیهان



ئەوانەی وەرزشی لەشجوانی دەکەن پێویستیان بە چەندین مەشق و تواناکیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی جەستەیان جوان بێت و ببن بە خاوەن ماسولەکەیەکی بەهێز، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو منداڵە بکەین هەرگیز کەس باوەڕ ناکات جەستەی خۆی بێت. ئەو منداڵە لە هیندستان دەژییێت و تەمەنی (١٢) ساڵە، جەستەی خاوەن ماسوولکەی بەهێزە و بەبێ هیچ مەشقێك جەستەی بەم شێوەیە گەیشتووە، تەنانەت رۆژێکیش بیری لە کاری لەشجوانی نەکردۆتەوە. وەك دە بینن بە جوانترین لەشجوان دادەنرێت لە جیهاندا.



# درێژترین دار کرا بـ


لە دوورگەی (ئەلباهاما) بە خۆشترین دوورگەی گەشتیاری و خۆشی دادەنرێت لە سەرتاپای جیهان، ئەمەش دەکەوێتە ویلایەتی کالیفۆرنیا ئەویش لە وڵاتی ئەمەریکایە، لەگەڵ خۆشی ئەو شوێنە، کەچی توانیویانە سەیرترین و درێژترین ئوتێل دروست بکەن لەم دوورگەیە.

ئوتێلەکە لەگەڵ ئەوەی گەورەیە، کەچی لە ناوەڕاستی دارێکی گەورە دروست کراوە، ئوتێلەکە بە ناوی (شێرمان)ە و بەرزایی دەگاتە (٥٥) مەتر لەسەر زەوی و لە (٨) نهۆم پێکهاتووە. بیرۆکەی ئەم ئوتێلە لەوە هات کاتێك گەورەترین داریان لەسەر ئەو دوورگەیە دۆزییەوە و دواتریش کرا بە ئوتێل.

# ئەو دارتاشەی ئۆتۆمبێل و جلوبەرگی دروست کرد



دوای ئەو هەوڵانەی لەلایەن دارتاشێکی وڵاتی هۆڵەندا بۆ ئەوەی کارێکی جوان و سەیر تۆمار بکات، لە ماوەیەکی نزیك توانی چەند کەرەستەیەك دروست بکات، ئەوکەرەستانەش وەکو کەرەستەی راستەقینە وایە، کەچی لە راستەقینەدا کەرەستەکان دروست کراون لە ماددەیەك جێگەی بڕواکردن نییە. گشت لەو کەرەستانە لە دار دروست کراوە و بەبێ ئەوەی هەستی پێوە بکرێت، کەرەستەکانیش بریتیین لە: ئوتۆمبێل – جلوبەرگ – کەنتۆری جلوبەرگ – مێزی نانخواردن. بەمەش کارەکانی (کین واتسۆن) دەبێتە یەکەم کاری دارتاشی بە گوێرەی ئەم کارە پێشکەوتووانەی دروستی کردوون.






# ئەم وەزیرە خولیاو

ئەوەی دەیبینن پیاوێکە خاوەن چەندەها میدالیای تایبەت و زۆرە لە بواری سەربازی، بە شێوەیەك ئەگەر گشت میدالیاکانی لە خۆی بخات، شوێنێکی بەتاڵ نامینێت لە جەستەی لەبەر میدالیەکان، وەکو لە وێنەکەدا دەبینن.

ئەو پیاوە وەزیری بەرگری وڵاتی پاکستانە و، هەروەها جێگری سەرۆکی




# درێژترین كەس بەهیوای زیاتر درێژتر بوونە



مرۆڤــە درێژەكانی جیهان بە دەســت خۆیان نییە بەم شــێوەیە درێژ دەبن و دەبن بە (عملاق)، ئەگەر بەدەســت خۆیان بێت نایانەوێــت، چونكە دەبێتە كێشــە بۆیان بەهۆی ئەوەی ناتوانن ســواری ئۆتۆمبێل بن، یان چوونە ژوورەوەیان لەو دەرگایانەی بچووكن، ئەمەیە قسەی (فەهد ئەلروسی ئەلموتەیــری) ئەو گەنجەیــە لە وڵاتی ســعوودیە دەژییێت. ئــەم گەنجە تەمەنی (١٨) ســاڵە و درێــژی بــاڵای دەگاتە (٢١٥) ســەنتیمەتر، واتــە نزیكەی ئەو پیاوە پاكستانییەی درێژی دەگاتە (٢٢٠) سەنتیمەتر، وەكو فەهد دەڵێت: ئەگەرچی باڵام بەم شــێوەیە گەیشتووە، بۆیە منیش دەمەوێــت لەم پیــاوە درێژتر بم بۆ ئەوەی ژمارەیەكی پێوانەیــی و درێژترین پیاوی جیهان بم!

# لەگەڵ مار دەژی

سەرسامی چەندەها نەتەوە و هۆزەكانی جیهان بۆ گیانداری مار، رۆژانە زیاتر دەبێــت، كەچی هەمان گیاندار لەلایەن كەسانی دیكە وەك گیاندارێكی ترسناك و دوژمــن دادەنرێت. ئــەوەی دەبینین پیاوێكە لە وڵاتی (هیندســتان) خۆی بە دۆست و كەسی مار دادەنێت.
ناوی ئــەو پیــاوە (كریم شــاند)ە و رۆژانــەی ژیانی لەگەڵ مار بەســەر دەبات، ئەمەش بە هــۆی گەورەكردن و یــاری كردن لەگەڵــی، وەكو دەبینن چۆن مارێكی لەنــاو دەمی ناوە بەبێ ئەوەی ئــازاری بدات، جگــە لەوەش منداڵەكانیشــی فێری دۆستایەتی مار كــردووە، وەك كچە بچكۆڵەكەی چۆن یاری لەگەڵ مار دەكات.







# ئارەزووی میدالیایە

وڵاتــە، چەندەهــا میدالیای ســەربازییە بەهۆی ئەوەی چەندەها كاری سەربازی بە ئەنجام گەیاندووە.
تا ئێســتا نزیكــەی (٣٤) میدالیای تایبەتە، لەگەڵ ئەوەی ئەو پیاوە چەندەها بیرۆكە و هەنگاوی ســەربازی ئەنجامداوە بەشێوەیەك وەك دەبینن لە ئاهەنگی تایبەتی بە هێزی ئەو وڵاتە پۆشیویەتی!



# ئوتۆمبیلی لانک پەیدا بوو!

ئیتر لە داهاتوو دەتوانین بـــە ئوتۆمبێلێکی بچووک، ئەوەندەی لانکێکی منداڵان هاتوچۆ بکەین، بەبێ ئەوەی کێشەی ڕووداوی ئوتۆمبێل و گەراجی وەســـتانمان هەبێت، چونکە ئوتۆمبیلی بچووکی لەم شێوەیە دەردەچێت و بۆ کاری تایبەتی و کەســـی بەکاردەهێنرێت. ئەم ئوتۆمبێلە قەبارەی ئەوەندەی سەندووقێکی ئوتۆمبێلی ڕاستەقینە دەبێت. ئێستاش لە وڵاتانی وەك : چین – بەریتانیا – فلیپین، بەکاردەهێنرێت بۆ هاتوچۆی خەڵك.



# مریشکێک هێلکەی (دەبڵ) دەکات

ئەو مریشـــکەی دەتوانێت گەورەترین هێلکە بکات، یەکێکە لە مریشـــکە جیاوازەکانـــی جیهان، هەر هێلکەیەکی ئەوەندەی (٣) هێلکەی مریشـــکی دیکەیە. خاوەنی ئەو مریشـــکە خانمێکە لە وڵاتی کەنەدا دەژیێت و ئەویش لـــە کێڵگەیەکی خۆی کار دەکات، کاتێك بە دوای کۆکردنەوەی هێلکەکانی کێڵگەکـــەی دەکات، ئەم هێلکە گەورەیە دەبینێـــت، دواتر بۆی دەردەکەوێت ئەو مریشـــکەیە هێلکەی لەم جۆرە دەکات، بەمەش دەبێتە یەکەم مریشك بەم جۆرە هێلکە بکات.




# تاقیکردنەوە و قوتابی!


ئەوەی ســـەیر بێت لەلای قوتابیان شتێك هەیە، کاتێك لە ماوەی تاقیکردنەوە دەبن، هەردەم دوعا و پارانەوە دەکەن، کەچی لـــە دوای تاقیکردنەوەکان ڕاســـتەخۆ دەگەڕێننەوە بۆ ســـەر کاری خۆیان، پاڕانەوەکەشـــیان تەنیا لە شـــەوی تاقیکردنەوە دەبێت لەوەی دەربچن. وەك ئەم کاریکاتێرە زیاتر حاڵەتەکە ڕوون دەکاتەوە..

## بۆ ئاســـــوودەیت

☺ - کۆمەڵە دزێك شەوێکیان ویستیان شـــوێنێك ببڕن، بە پێ ئـــەو پیلانەی دیانابوو، ســـەرەتای پیلانەکەیان دەبوایە با شەو بچن و پاسەوانی پێش دەرگاکە بە شـــتێك دەســـتگیری بکـــەن، دوای دانانـــی پیلانەکەیان، شـــەو دەچن بۆ ئەنجامدانی کارەکەیـــان، کاتێك دەگەنە شوێنەکە پاسەوانەکە لەوێ نابێت. یەکێك لە سەرکردەکانیان دەڵێت:

کاکـــە بگەڕێنەوە خوتەکەمان فەشـــەلی هێنا، چونکە پاسەوانەکە لێرە نییە!

☺ -جارێکیان کەســـێك لـــە ماڵی خۆی دەبێـــت و ئەو ڕۆژە زۆر بە تەلەفۆن کردن خەریك بوو، نزیکەی چەند کاتژمێرێك بە تەلەفۆن قســـەی دەکرد، کاتێك میوانیان دێـــت و لە جیاتی ئـــەوەی بەخێرهاتنی میوانەکان بکات و بڵێت بەخێر بێن، گوتی : ئەلوو !!



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان توانایەکی زۆرت هەیە و کەســـانێك هەن هاوکاریت دەکـــەن، ئەگەر بتوانی لەکاتـــی توڕەبوون ئارام بگریـــت ئەوا لە زۆر بواردا لەبەرژەوەندی خۆت دا دەبێت، کەسێکی نزیکت پێویستی بەیارمەتی تۆ دەبێت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ژیانی ســـۆزداریت گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت، هـــەوڵ بدە ڕای خۆت دەرنەبڕیـــت لەو بابەتانەی کە پەیوەندیـــان بە تۆوە نییە نـــەوەك ببێتە هۆی ئەوەی بـــە هەڵە لێت تێ بگـــەن تەنها ئەو کاتە ڕای خـــۆت بڵێ کاتێك داوایان لێ کردیت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەســـێکی نزیکـــت لەبوارێکی تایبەتـــدا هاوکاریت دەکات کە ئێســـتا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویســـتیت پێی هەیە، هێشـــتا کات ماوە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، ماوەیەك کەســـە نزیکەکانت نەبینیبوو ئەم ماوەیە کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر دەبەن.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پەیوەندییەکانت دەبینە هۆی درووســـتبوونی کێشەی بچووك لەم هەفتەیـــەدا لەکاتێکدا تۆ هیچ تاوانێکت نییـــە، کاتێکی زیاتر بۆ خەوتن تەرخان بکە، زۆر جار لەقســـەکانت وا دیارە بێ هیوای باشتر وایە بە چاوێکی تر سەیری داهاتوو بکەی و هەرگیز بێ هیوا مەبە.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


کەسی بەرامبەر چاوەڕوانی ئەوەیە هەستی خۆتی بۆ دەربڕیت، ئەگەر تۆش بەنیازی قسەی لەگەڵ بکەی ئەوا ئێســـتا باشترین کاتە بۆ درووستبوونی پەیوەندی خۆشەویستی بۆ هەردووکتان، هەمیشـــە ئاگاداری ئەوەبە هەڵەیەك نەکەی کە لەڕابردوودا ئەنجامت دابێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەخت دەبێتە هاوڕێت لە زۆربەی بوارەکاندا، زۆربەی خەونەکانت دەبنە ڕاستی و دەگەی بە ئاواتی خۆت، بۆیە بە باشـــترین شـــێوە بیربکەوە و هەنگاو بنێ بۆ گەیشتن بەو شـــتەی کە دەتەوێت، دەبێت ئەوەش بزانی ئەم دەرفەتە بەدەگمەن دووبارە دەبێتەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی



### ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کورد خاوەن وێنەکە.
٢- یاریزانێکی یانەی هەولێر.
٣- پاریزگایەکی عێراق- دوژمنی گەنم- بۆد(ت).
٤- ناوێکی بیانییە، پێنج پیتی ئۆتۆنۆمی.
٥- چوار پیتی لەندەن، یاریزانێکی بەرازیل بوو.
٦- ئامێرێکی مۆسیقایە- ژمارە یەکە(پ).
٧- وەکو یەك- رووبار- نەخێر- بارانی لەسەرخۆ(پ).
٨- لەشا بە عەرەبی(پ) — وەکو یەك- دوو پیتی دانە.
٩- یانەیەکی ئیسپانی یە- دوو پیتی هار.
١٠- یاریزانێکی بەرازیلی بوو(پ) بێ دەنگ — دوو پیتی زار.
١١- خەڵاتێکی جیهانی(پ)- میوەتکیە.
١٢- سەرۆکێکی جەزائیری بوو(پ).

### ستوونی:

١- ناوی تەواوی مەلا مەشهور
٢- وەزیری دەرەوەی روسیا.
٣- جۆرە هونەرێکە(پ) هاوەڵێکە.
٤- شارۆچکەیەکی کوردستانە- پایتەختی ئەورووپیە(پ).
٥- بەس(ت) دراوێکە- تەنیشت.
٦- وەکو یەك(پ)- گەزی(پ)ز
٧-تەنۆرە(پ) سەرکردەیەکی کۆنی عێراق بوو.
٨- ئافرەتێکی سەرکردبوو- نیوەی ئەسپ.
٩- دوو پیتی عام- تاخم(پ).
١٠- کۆمپانیای نەوتی بەریتانی(پ)- دوو پیتی ساحر.
١١- دین(ت)- کچە گۆرانیبێژێکی کۆچ کردووە خاوەن وێنەی دووەم.
١٢- رۆماننووسێکی جیهانی خاوەنی خەڵاتی مۆبڵە(پ).

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شارۆچکەیەکە لە نێوان هەولێر و موسڵ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە زمانی (ئەمرۆ بە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە لە ئوتۆمبێل بۆ گۆڕینی خێرایی بەکاردێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٧+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی مردوو لێوەی دەنێژرێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (مێرنا و خەلیل) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەم هەفتەیە لە لایەنی سۆزداریەوە زۆر گرنگە، بە ئارامی لەگەڵ خۆشەویستەکەت بدوێ و داواکاریەکانی جێبەجێ بکە، کارێك مەکە ببێتە هۆی ئەوەی دڵی خۆشەویستەکەت لێ بڕەنجێت، داوات لێ دەکرێت بۆ بەشداربوون لەکارێکی بازرگانیدا بەباشی بیری لێ بکەوە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەماوەی ڕابردوودا خۆت لە کەسە نزیکەکانت دوورخستەوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە جۆرێکی تر سەیرت بکەن، تووڕەبوون بە بێ بوونی هۆکار جگە لە زیان و پەشیمانی هیچی تری بەدواوە نییە باشتر وایە گۆڕاناکری لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانت درووست نەبێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

دوای ماندووبوونێکی زۆر ئێستا کاتی پشوودانە، ئەم هەفتەیە بڕیاری گرنگ مەدە و دوای بخە بۆ کاتێکی تر، ئەم ماوەیە بیر لە پرۆژەکانی داهاتوو بکەوە و باشترین ڕێگا هەڵبژێرە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنیت، هەواڵێکی خۆش لەڕێگادایە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پەیوەندیەکانت لەگەڵ هاورێ و کەسە نزیکەکانت لەباشترین ئاست دا دەبێت لەم هەفتەیەدا. کەسێك لەکاتی پێویست دا بەهاناتەوە دێت و یارمەتیت دەدات. ئەگەر ڕەخنەیەکت لێ گیرا خۆت لە هەڵچوون بپارێزە و بەدڵێکی فراوانەوە وەری بگرە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

باری داراییت باشبوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، زیاتر بیر لەباشتر کردنی پەیوەندیەکانت بکەوە و هەڵەکانت راست بکەەوە. لەوانەیە کەسێك لەدەرگای دڵت بدات و داوای پەیوەندی خۆشەویستیت لێ بکات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەدڵێکی خۆش پێشوازی لەم هەفتەیە دەکەی دوای ئەوەی هەست بە ئارامی دەکەی و لەو دوو دڵییە رزگار دەبیت کە لەماوەی ڕابردوودا دڵتەنگی کردبووی. تێگەیشتن لەنێوان تۆ و هاورێکەت زیاد دەبێت و کەشێکی خۆشتان بۆ دەرەخسێت.

hemntoni@yahoo.com